حەوت گەنجی کورد لە ئەپراسیۆنێکی پۆلیسی تورکیا لە شاری ئیستەنبوڵ دەستگیرکران

حەوت گەنجی کورد لە ئەپراسیۆنێکی پۆلیسی تورکیا لە شاری ئیستەنبوڵ لە تورکیا دەستگیرکران

تیمێکانی هەواڵگری بەشی پۆلیسی ئیستەنبوڵ و بەڕێوەبەرایەتی ڕێگریکردن لە چالاکییەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی لە ئیستەنبوڵ ئەپراسیۆنێکیان ئەنجامدا، لەئەنجامی ئەم ئەپراسیۆنە تیمەکانی پۆلیسی ئیستەنبوڵ هەڵیانکوتایەسەر هەشت ناونیشان لە ئەستەنبوڵ و لەئەنجامدا حەوت کەس دەستگیرکران کە بەگوێرەی پۆلیسی ئیستەنبوڵ دەستگیرکراوان گومانلێکراوان کە لەناو بزووتنەوەی لاوانی شۆشگێڕدا کاردێکەن، کە سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان/پەکەکەیە و لەکاتی ئەپراسیۆنەکە چەند کەرەستەیەکی دیجیتاڵی چەکی ڕاوکردن لەشوێنی دەستگیرکردنیان دەزرایەوە، ئەمەش بەپێی ڕاگەیاندراوەکی پۆلیسی ئیستەنبوڵ.